# دوانەی ڕێگر و یاریدەدەر لە گێڕانەوەناسیی گریماسدا
# کوڕەکەچەڵ لە ئەفسانەی کوردیدا بە نموونە

**د. هەرێم عوسمان**
بەشی زمان و ئەدەبی کوردی- زانکۆی سلێمانی- هەرێما کوردستانێ/ عیراق
**د. هێمن کەریم**
زانکۆی کۆمار- سلێمانی- هەرێما کوردستانێ/ عیراق
**م. مەزهەر ئیبراهیمی**
خوێندکاری دکتۆرای زمان و چاندی کوردی، زانکۆی دیجلە/ ئامەد

**پوختە**

ئەدەبی فۆلکلۆر جیاواز لە ئەدەبی نووسراو دەرخەری ئەزموون و هزرینی نەتەوەیەکە، گوزارشت لە بیری تاک ناکات، شوناس و بیری نەتەوەی لەنێودا دەدرەوشێتەوە. ئەفسانە کە بەشێکی سەرەکی ئەم ئەدەبەیە ماناسازی و جیهانبینی مرۆڤ لە شێوازی گێڕانەوەدا بۆ بوارە جیاوازەکان بەرجەستە دەکات؛ هونەر و ئیستاتیکای گێڕانەوە لە ئەفسانەدا هاوشان بە هزرین و ڕووداو و ململانێی هێزەکانە. نەخشە و زنجیرەی گێڕانەوە لە ئەفسانەدا پاڵپشتە بە کۆمەڵێک ڕووداو و ململانێی هێزە جیاوازەکان، کە پاڵەوانە جیاوازەکان نوێنەرایەتی ئەو هێز و تێڕوانین و خواستە جیاوازانە دەکەن، بەڵام وێڕای ئەم جیاوازییانە بونیادی هاوبەش کۆکەرەوەی حەکایەتەکانە.

گریماس یەکێک لە دامەزرێنەرانی گێڕانەوەناسیی فەرەنسایە بە کاریگەریی فۆرمالیست و بونیادگەراکان، هەوڵیداوە ئەو دوو قوتابخانەیە بە سیمۆلۆجییەوە موتوربە بکات و تیۆریی واتا لە گێڕانەوەدا دابمەزرێنێت. گریماس بە کاریگەری پرۆپ جەخت لەوە دەکاتەوە، کە لە هەموو گێڕانەوەیەکدا چەند کردەنوێنێک (Actant) هەن، کە سێ دوانەن. ئێمە لەم باسەدا لەسەر شەش حەکایەتی کوردی کار لەسەر دوانەیەکیان دەکەین، کە دوانەی یاریدەدەر (Helper) و ڕێگرە (Opponent). مەبەستمانە لەو حەکایەتانەی لەبارەی کوڕەکەچەڵەوەن، یاریدەدەر و ڕێگرەکان دیاری بکەین و ببینین ئەو هێز و بۆچوونانەی ڕێگر و یاریدەدەرن لە گەیشتن و نەگەیشتنی بکەر بە بابەت و خواستەکەی چین و کێن؟ ئارەزووی بکەر بۆ بابەتەکەی بزوێنەری گێڕانەوەیە، نێرەر و وەرگری بابەتیش

یارمەتی ئاڕاستەکردنی بکەر و جیهانی گێڕانەوە دەدەن. یاریدەدەر و ڕێگر کە دەکرێت شت یان بیر و باوەڕ و کەلتوور یاخود پاڵەوان بن، دەوری ململانێ و دوورخستنەوە یا نزیکخستنەوەی بکەر لە بابەتەکە دەبینن، لەبەرئەوە ئەم دوانەیە دژ و بەرابەرن، دژێتیش بە سروشتی خۆی هەڵگری مانا و ململانێ و جووڵەیە.

**وشە سەرەکییەکان:** *گێڕانەوە، گریماس، ڕێگر، یاریدەدەر، کوڕەکەچەڵ.*

### ١. پێشەکی

ئەفسانە زمان و مێژوو و گوتارە، بیرکردنەوە و بیروباوەڕی مرۆڤی کۆن و نوێی لەخۆگرتووە. گێڕانەوە کۆنەکان لە پێکهاتەی تێگەیشتن و ژیانی ئێستادا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن. هیچ زمان و مێژوو و کەلتوورێک نییە بە تەواوی هی ئێستا بێت، بەڵکو لەناو ڕەوت و چەرخێکی بەردەوامدایە لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و ئایندەدایە. یەکێک لە هێزە دیارەکانی وەرچەرخانی ئەم چەرخە گێڕانەوەیە. گێڕانەوە، ئەریستۆ گوتەنی بەشێکە لە سروشتی زانینی مرۆڤ و لاساییکردنەوە؛ ئەو هێز و دەسەڵاتەیە کە بنەمای هونەری و هزرین پاڵپشتییەتی لە فێربوون و فێرکردندا. ئەفسانە وەک بەشێک لە گێڕانەوەی زارەکی بۆ مرۆڤی کۆن پانتایی ئەزموونی ژیان و فێربوون بووە، بەهۆی گواستنەوەشی بۆ نەوەکانی دواتر ئەم فێربوونەیان کە تایبەت بە خۆیان بووە لە پرۆسەی فێرکردندا بە ئێمەیان بەخشیوە.

ڤلادیمیر پرۆپ یەکێک لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی گێڕانەوەناسی بەر لە بونیادگەرییە کە لە بەرهەمە دیارەکەی *مۆرفۆلۆجیی چیرۆکی ئەفسووناوی* بونیادی حەکایەتە ئەفسانەییەکانی دیاریکردووە. پرۆپ بونیادە هاوبەش، نەگۆڕ و بەدوایەکداهاتووەکانی حەکایەتی دەرخست و پێیوابوو کردەی کەسێتییەکان لە ٣١ ئەرکدا کۆدەبنەوە و ٧ جۆر کەسێتییش هەیە. گریماس بە سوودوەرگرتن و ڕەخنەکردنی پرۆپ، تیۆرەکەی کە جەخت لەسەر مانا- واتا لە گێڕانەوەدا دەکات، دامەزراند. مانا بۆ گریماس بنەڕەتییە و لە چەند ئاستی جیاوازدا لەدایکدەبێت، کە دەکرێت دیارترینیان ململانێی هێزە دژیەکەکان بێت، کە لە بونیادی گوتاری گێڕانەوەدا بەرجەستە دەبێت. کردەنوێنەکان لای گریماس سێ دوانەی بەرامبەری لەخۆدەگرن، کە دوانەی یاریدەدەر و ڕێگر لە جووڵە و ئامانجی گێڕانەوەدا دیارترینیانن. حەکایەتی کوڕەکەچەڵ یەکێک لە حەکایەتە فرەجۆرگێڕاوە و ئامادەکانی ناو دنیای ئەدەبیاتی زارەکییە، کە دوانەی یاریدەدەر و ڕێگر لەم حەکایەتەدا جۆراوجۆر و فرەواتایە، دەکرێت دەسەڵاتی مادی یان هێزی مانەویی و دەشکرێت جیاوازی چینایەتی و ئابووری بێت. هاوکات کەچەڵێتی لای پرۆپ لاوەکییە، بەڵام لە زۆرێک لە حەکایەتەکاندا شوناس و دەرخەرە، لەبەرئەوەی لە پەسنی خراپدا ئەم

پاشـگره دەدرێتەپـاڵ پاڵەوانەکـان، ئەمەش لە چـاوی چەمـکە کردەنوێنەکـانی گریماسـەوە جوڵە و ململانێ بەرقەرار دەکات، بیری پێشین و پاشین دەرەخسێنێت.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە

لەنـاو کـایەی ڕەخـنەی ئەدەبـی و گێڕانەوەناسـیدا کـارکردن بە تیـۆری گریمـاس و بەتـایبەت دوانەی یاریـدەدەر و ڕێگـر ئەنجـام نەدراوە، هاوکـات حەکـایەتی کـوڕەکەچەڵیش یەکێـک لە حەکـایەتە دیارەکـانە کە کەم ئـاوڕی لێـدراوەتەوە، هەرچەنـد لە چەنـدین بەرهەمـی کـۆکراوەی ئەدەبـی زارەکیمانـدا بە زارە جیاوازەکـانیش ئەم حەکـایەتە هەیە، لەبەرئەوە بە گەڕخسـتنی ئەم چەمـک و زاراوە گریماسـییە بـۆ ئەم حەکـایەتە پاسـاوێکی ئەکادیمی هەیە.

## پرسیاری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بداتەوە:

١. ئایا دوانەی یاریـدەدەر و ڕێگـر بـۆ خوێنـدنەوەی حەکـایەتی کـوڕەکەچەڵ گونجـاو و شیاوە؟ دەتوانێت پرسیارساز و وەڵامدۆزی بەشێکی بنەڕەتی دەقەکە بێت؟
٢. کردەنوێنی یاریدەدەر و ڕێگری گریماس تا چەند بونیادی حەکایەتەکە دەردەخات، کە لە گێڕانەوە جیاوازەکاندا هەمان بونیادی خواست دووبارە دەبێتەوە؟

## گریمانەی توێژینەوەکە

گریمـانەی بنەڕەتـی توێژینەوەکەمـان ئەوەیە کە بونیـادی مۆدێلی کردەنوێن لەنـاو حەکـایەتەکەدا لە چەنـد ئاسـت و پانتـایی جیـاوازدا هەیە و ئەمەش وا دەکـات ئەگەری پەیوەندی نێوان دوانەکان خوێندنەوەی جیاواز هەڵبگرێت. هاوکات دوانەی یاریدەدەر و ڕێگر لە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و ئاوێتەدان، چونکە دەکرێت ڕۆڵی جیاواز وازی بکەن، بەجۆرێک یاریدەدەر ڕێگر و ڕێگر یاریدەدەر بێت، ئایا ئەمە لەگەڵ بونیادەکانی تری حەکایەتەکە کێشە دروست ناکات، یاخود دەبێت هۆکاری فرەبوونی واتا لە گێڕانەوەکەدا.

## کێشەی توێژینەوەکە

گواستنەوەی چەمک و زاراوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە و جێبەجێکردنیان لەنـاو زمـان و دەقـی ئەدەبـی نەتەوەیەکـی جیـاواز گرفتێکـی گەورەیە. چەمـک و زاراوە گریماسـییەکان لەنـاو تـوێژینەوەی کوردیـدا کەم کـاری لەسـەر کـراوە، لەبەرئەوە لەنـاو زمانەکەماندا پەروەردە نەکـراوە، بەڵام لە ڕەخـنەی ئەدەبـی فارسـی و عەرەبیـدا زۆرتـر ئامـادەن، کەواتە کەمیـی سـەرچاوە و وشـەگەلی پەروەردەکـراو بـۆ تیـۆرییەکە کێشـەن، هەروەهـا

نووسینەوە و بەردەستبوونی ئاسانی دەقە زارەکییەکانمان کێشەیەکی ترە، کە توێژەر بواری بەراوردی کەمتر دەبێتەوە.

### میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆدی توێژینەوەکە «پەسنی، شیکاری»یە.

### گرنگیی توێژینەوەکە

تیۆر و بابەتی پراکتیکی توێژینەوەکە بۆ توێژینەوەی ڕەخنەی گێڕانەوەی ئەدەبی زارەکی نوێن، لەبەرئەوە بەشێک لەو چەمک و زاراوە گریماسییانە دێنە ناو زمانی کوردی و لەسەر دەقێکی فۆلکلۆری کوردی جێبەجێدەکرێن.

### پێکهاتەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم باسی مۆدێلی کردەنوێنی گریماسمان کردووە، بەشی دووەمیش جێبەجێکردنی مۆدێلەکەیە لەسەر حەکایەتەکە، کە بەپێی دوانەی یاریدەدەر و ڕێگر پەیوەندییەکان و گۆڕانەکانمان شیکردۆتەوە.

## ٢.بنەمای تیۆریک

### ٢،١. پێشینەی هزری گریماس و پێگەی لەناو گێڕانەوەناسیدا

گێڕانەوەناسی[1] مێژوویەکی دێرین و نوێی هەیە. ڕەچەڵەکی زاراوەی گێڕانەوە بۆ Narrara لاتینی و Gnarus یۆنانی دەگەڕێتەوە، کە بە واتای ناسین و زانین دێت. گێڕانەوەناسی لە یۆنانی کۆن و لای ئەرستۆ ئاماژە سەرەتاییەکانی دەرکەوت، بەڵام زاراوەی گێڕانەوەناسی بۆ یەکەمجار تۆدۆرف لە کتێبی *ڕێزمانی زمانی دیکامیرۆن*دا بەکاریهێناوە و بەشێوەیەکی نوێ ئەم چەمکەی خستۆتە بەرباس (مکوئیلان، ١٣٩٥: ١١). گێڕانەوەناسی بە سێ قۆناخی سەرەکیدا تێپەڕیوە: پێش بونیادگەری تا ١٩٦٠، بونیادگەری لە ١٩٦٠ تا ١٩٨٠، پاش بونیادگەری لە١٩٨٠ تا ئێستا (مکاریک، ١٣٨٣: ١٤٩). یەکەم تیۆری گێڕانەوەش بۆ فۆرمالیستە ڕووسەکان و بەتایبەت بۆ کارەکەی پرۆپ لەسەر شێوەناسی چیرۆکە میللییەکان -١٩٢٨ دەگەڕێتەوە. هاوکات وەک زانست و لقێکی گرنگ لە ئەدەبیاتناسی ڕیشەکەی بۆ بونیادگەراکان دەگەڕێتەوە (عباسی و مرادی، ١٣٩٦: ٢٦١). سەرچاوەی سەرەکی هزری بونیادگەری بۆ ئەو گۆڕانە بنەڕەتییە دەگەڕێتەوە کە سۆسێر لە زمانناسیدا هێنایەئاراوە، بەڵام گۆڕانی جیهانبینی ئەدەبناسی لە پاش سەدەی بیست سەرچاوەکەی بۆ فۆرمالیست و بونیادگەراکان دەگەڕێتەوە (صفوی، ١٣٩٨: ١٠٦). لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە

[1] Narratology

بونیادگەر و پاش بونیادگەرەکان لە چوارچێوەی ئەدەبناسیی پوخت نەمانەوە و پەنایان بۆ پانتایی و بوارە جیاوازەکانی دەرەوەی دەق برد تا لە دەق تێبگەن. لەم نێوەندەشدا سیمۆلۆجیی نوێ ڕۆڵی گرنگی هەبوو کە ڕیشەکەی بۆ سۆسێری فەرەنسی و پێرسی ئەمریکی دەگەڕێتەوە (سیبیاک، ١٣٩٩: ٢٩-٣٠).

گێڕانەوەناسی لەناو پانتایی دونیایەک ڕێباز و تیۆری ئەدەبی دەرکەوت، بە تایبەتیش لەناو زەمینەی فۆرمالیست، بونیادگەری و سیمۆلۆجی. ئەم زەمینە هاوبەشانە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە، چەندین چەمک و زاراوەی هاوبەشیان هەیە. زۆرێک لە گێڕانەوەناسان ئەگەر فۆرمالیست و بونیادگەر نەبن، ئەوا بونیادگەر و سیمۆلۆجیستن. تیۆری نیشانە-واتاناسی گێڕانەوەی گریماس تێهەڵکێشی بونیادگەر و سیمۆلۆجییە، بەڵام لە جیهانبینی فۆرمالیستی خاڵی نییە، ئەوەش بڵێین کە بونیادگەری ئاسۆیەکی فراوانتری بۆ جیهانبینی فۆرمالیستەکان لەبارەی ئەدەبناسی کردەوە، نیشانەناسیش بۆ بونیادگەری هەمان ڕۆڵی گێڕا، بە جۆرێک وەک ڕزگارکەر و ناوەندی پەڕینەوە بوو کە بونیادگەری لە قەیران ڕزگارکرد و لە پاش بونیادگەری نزیکی کردەوە (شارەزووری، ٢٠١٥: ١٢٨)، کە گریماس و ڕۆلان بارت دەکەونە هەناوی ئەم گۆڕانەوە و خۆیان تیۆرسازن.

گریماس بە کاریگەری زمانناسی سۆسێر و ئەو گۆڕانانەی هلمسێلف زمانناسی دانیمارکی لە تیۆریی نیشانەناسی سۆسێردا ئەنجامی‌دان بەشێک لە تیۆرییەکەی بونیادنا و گۆڕانیشی بەسەردا هێنا. گریماس دەڵێ: «نیشانەناس پێی شەرم نییە هزری ئەوانیتر هەڵبگرێتەوە و زانینی ئەزموونی لەوانیترەوە بگوێزێتەوە: ئەوە چییە ئەو شتەی کە لەناو گەڕانماندا بە ڕیشە فەلسەفییەکانی سۆسێر یان هلمسێلف نایدۆزینەوە؟ ئەوەی لای نیشانەناس گرنگە جوتکردنی ئەم هزرانەیە لەگەڵ دیفاکتۆی کایە مەعریفییەکەی خۆیدا«(غریماس، ٢٠١٨: ١١٢). نیشانەناسیی هلمسێلف بەپێچەوانەی نیشانەناسیی سۆسێرەوەیە، کە پەیوەندیی دال و مەدلول لە دەستتێوەردانی دەرەکی و دونیای دەرەوە خاڵییە، هلمسێلف دال و مەدلول بە فۆرم و ناوەڕۆک دەگۆڕێ و پەیوەندییەکەشیان وەک پەیوەندیی دنیای دەرەوە و ناوەوە دەبینێت و هۆی دەرەکی دەهێنێتە ناو پەیوەندییەکەوە (شعیری، ١٣٨٨: ٣٨). هاوکات گۆڕان و گواستنەوەکەی گریماسیش ئەوەیە کە پێیوایە، پەیوەندیی لە خۆوەی دال و مەدلول بەبێ سانسۆری ئەندێشەی مرۆڤ بەدینایەت، سازانی نیشانە لە دال و مەدلولدا لە هەناوی دەستتێوەردان و سانسۆری ئەندێشەی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، «**سازانیش** یەکێکە لەو پێوەرە کەمانەی هەقیقەت کە مرۆڤ ئەندێشەی کردووە»(Greimas، 1987: 61).

گریماس وەک پاش بونیادگەرێک پێیوایە خودی دال دەبێتە واتا و نەبوونی واتاش واتـایە؛ دابـڕان لە واتـاش واتاسـازییە، لەبەرئەوە نیشـانە لای گریمـاس پەیوەسـت بە ئەدەب و گێـڕانەوەوە لە پەیوەنـدی بە ئەزمـوون-هەسـت و سـۆز و لایەنـی رۆحـی؛ تێگەیشـتنی زەینـی دەرەخسـێت (گـرمس، ١٣٨٩: ٣٩-٥٧)، بـۆیە بە کـاریگەری هلمسـێلف نیشـانەی لە دۆخـی میکـانیکی بـۆ بـزۆز و داینامیـک گـۆڕی. گێڕانەوەش وێـنەیەکە کە پەیوەنـدی لەنێـوان گێـڕانەوەی گواسـتنەوە و گێـڕانەوەی گـوێزراوە[باسـلێکراو] دەسـازێنێت (سـرکاریزی و ئەوانیتــر ١٣٩٨: ٦١). گریمــاس گێــڕانەوەی گواســتنەوە وەک گوتــار و گێــڕانەوەی گـوێزراوەش وەک چیـرۆک ناودەنێـت، هەروەهـا جیـاوازی بەرهەمهێنـانی واتـا پەیوەسـتە بە گێڕانەوەی چیـرۆک و گوتـارەکەی. بونیـادی قـوڵ و واتـاش لە ڕەوت و زنجیـرەی گێڕانەوەدا ڕوو لە نــاوەڕۆکی گێــڕانەوە دەکــات، بەڵام ڕووگە و گــوزەرزای گێــڕانەوە لە بونیــادی سەربەخۆی گوتاردایە، لەبەرئەوە گوتاری گێڕانەوە پرد و گرێبەندی شێوە و ناوەڕۆکی دەقە (عباسـی، ١٣٩٥: ٥١). هەر لەم بـارەیەوە گریماسناسـی ئێرانـی حەمیـدڕەزا شـەعیری دەڵـێ: «سیستەمەکانی گوتار پشت بە پرۆسە جووڵاو و بزێوەکانی زمان دەبەستن، کە گوتار بۆ کـردەی زینـدوو دەگۆڕێت، بەڵام لە درێـژەی گێـڕانەوەدا کـردەی گوتـار شـێوە دەگرێت و کردەکەر (بکەر) بەهۆی بەرهەمهێنانی واتاوە هەنگاوبەهەنگاو خۆی بە ئێمە دەناسێنێت» (شعیری، ١٣٨٨: ٣٦). وەک دیارە جیهانبینی و تیۆری واتـا-نیشانەناسی گێڕانەوەی گریمـاس لەناو زنجیرەیەک قوتابخانە و تیۆریدا لەدایکبووە، پەیوەندی نێوان یەکەکانی ناو مۆدێلی کردەنوێن تێهەڵکێشی چەند بیرکردنەوەیەکی جیاوازی ئەو ڕێچکە و تیۆرە جیاوازانەیە. لە خوارەوە وردتر لەبارەی مۆدێلەکە دەنووسین و دەیناسێنین.

### ٢،٢. ئەرکی پرۆپ و کردەنوێنی گریماس

پـرۆپ کـردەوەی پـاڵەوان و کەسـایەتییەکانی حەکـایەت بە بچـووکترین یەکەی بونیـادی حەکـایەت دەزانێت، ئەو یەکەیەش ناو دەنێت ئەرک. ئەو لە توێژینەوەکەیدا لەسەر مۆرفۆلـۆجی سـەد حەکـایەتی فۆلکلـۆری ڕووسـی گەیشـتە ئەو ئەنجـامەی کە هەمـوو چیرۆکەکـان یەک پێکهاتەیـان هەیە، ئەو پێکهـاتەیەش لە ٣١ ئەرک چـێ بـووە کە لە ٧ بــازنەی کــردەوەدا لەلایەن پــاڵەوان و بکەرەکــانەوە جێبەجــێ دەکــرێن، واتە گرووپــی بکەرەکـان لە ئەرکەکـانەوە وەرگیـراوە و دەشـێت لە حەکایەتەکانـدا هەرهەمـوو ئامـادەبن یـان هەنـدێکیان. ئەرک لای پـرۆپ بـریتییە لە «کـردەوەی پـاڵەوانی حەکـایەت و بەپێـی ڕۆڵەکەی لە حەکایەتـدا پێناسـە دەکرێـت» (پـراپ، ١٣٩٦، ٥٣). پـرۆپ لای وایە کـردەوە و ئەرکەکان نەگۆڕن، جێبەجێکردنی ئەرک و تایبەتمەندی پاڵەوانەکان دەگۆڕێن؛ کەواتە جێگیرەکـانی وەک ئەرک و کـرداری کەسـایەتییەکان لەنـاو پێکهـاتەی حەکایەتـدان، بەڵام گۆڕاوەکـان وەک نـاوی پـاڵەوان، شـێوەی، ڕەگەز، کـات و شـوێن...هتد، ە کاریگەرییـان

لەسـەر پێکهـاتەی حەکـایەت نیـیە، بەڵکـو هەمەجـۆری حەکـایەت و چێـژ و فرەڕەنگـی بەرجەستە دەکەن (امین، ٢٠٢٢: ٣٧٣)

گریمـاس لەبەر ڕۆشـنایی تیـۆری ئەرکـی پرۆپـدا توانیی تیـۆرییەکـی گشـتگیر بـۆ چەشـنەکانی گێـڕانەوە دابنێت و کۆمەڵێـک چاکسـازی لە تیـۆرەکەدا بکـات. پێیوابـوو پێناسەی ئەرک لای پرۆپ ناتەواوە، چونکە ئەرک لەسەر بناغەی بوونی کردەیەک دامەزراوە کە لێـــیەوە کەســـێتییەک دیـــاری دەکرێـــت، بەپێـــی ئەوەش ئەرکەکە لە تـــوێی پەیوەنـدیکردنیەوە بە یەکێـک لە بازنەکـانی کـردەوە کە لە گێـڕانەوەدا هەیە، چـالاک دەبێـت؛ لەبەرئەوە کردەنـوێن بنـاغەی ئەرک و کەسـێتییە (أونـیس، ٢٠١٩: ١٥). ڕەخـنەی گریماس لە پرۆپ خۆی لە فراوانکردنی بوار و چەمکەکان، کەمکردنەوەی ئەرکەکـان و لە بنەڕەتیشـدا گـۆڕانی جیهـانبینی بـۆ دەق دەبینێـتەوە، نووسـەرێکی عەرەب پێیـوایە، گرنگیدانی گریماس لە کاتی پێداچوونەوەی کارەکانی پرۆپدا بە مەبەستی فراوانکردن بریتیبوو لە سەرنج خستنەسەر دوو بنەمای بنەڕەتی، کە بەهۆیـانەوە حەکـایەت فـراوان دەبێت، ئەوانیش، سادەیی و گشتگیری، هەر لێرەوە بیرۆکەی گەڕان لە پشتی ئەو سادەییەوە هـاتە ئاراوە، بۆ دۆزینەوەی ئاسۆی گشتگیر. پـرۆژەکەی گریمـاس گەڕانێکە سنووری ئاشـکرای سادە دەبەزێنێت، تا شـاراوەی ئـاوێتە بهێنێتە گـۆ و بزانێت کامـانەن ئەو نیشانانەی لە خۆیـدا هەڵیگرتـوون. بـۆیە سـنوورەکانی حەکـایەت دەبڕێـت و دەگـاتە ئەدەبیەتـی گوتـار (بوعطیـة، ٢٠١٣: ٥٣). بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی گریماس بەسـەر چەمکـی ئەرکـی پرۆپدا هێنای، باسی مۆدێلی کردەنوێن دەکەین.

**٣،٢. مۆدێلی کردەنوێن**[1]

گریمـاس بە مەبەست زاراوەی کردەنوێنی[2] بەکارهێناوە و ویستوویەتی لە actors و action جیـای بکـاتەوە. زاراوەکەی لە زمانناسـی فەرەنسـی لوسـیەن تێسـنیەری وەرگرتـووە. لە کوردیدا بۆ ئەکتانت وشەی کردەنوێنمان بە گونجاو زانی، چـونکە گوزارشـت لە کـردە، بابەتی کردە و پرۆسەی گێڕانەوە دەکات. کردە ئەوەی دەیکات و دەکەوێتە ناو کردنەوە دەگرێتەوە، نوێن جۆرێکە لە نواندن، دەرکەوتن، لەپێشدانراو، کە جووڵەی خـود و کـردەش بـۆ بـابەتی لەپێشـدانراو بەرجەسـتە دەکـات. کەواتە دانـانی کردەنـوێن لەسـەر بنەمـای تێگەیشتنمانە بۆ چەمـکە گریماسییەکە، کە تێهەڵکێشێکە لە هەردوو ئاسـتی بـابەت و خود لە گێڕانەوەدا، کە لەم مۆدێلەدا ناوەنـدن. جێگەی ئامـاژەیە حەمە مەنتـک «نمـوونەی کارا» (مەنتک، ٢٠١٩: ٥٢) و هەڵمەت بایز «نموونەی هۆکاریی» (ڕەسووڵ، ٢٠١٨: ٧٥) یان بـۆ

[1] The Actantial Model

[2] Actant

ئەم زاراوەیە بەکارهێناوە. کارا زاراوەیەکی گونجاوە و هەڵگری هەردوو لایەنی بکەر و کارە، کە لەگەڵ بیرکردنەوە گریماسییەکە دێتەوە، بەڵام بە دیدی ئێمە گێڕانەوەی کەمتر تیا ڕەچاوکراوە و زۆرتریش ئاماژە بۆ بکەر دەکات. هەرچی زاراوەی هۆکارییە، بابەتیی و لۆجیکییە، لە جەستەی تیۆرەکەی گریماسەوە نزیکە، بەڵام لە ڕۆحی تیۆرەکەوە نا، ئەمەش دەکرێت پەیوەست بێت بە خودی زاراوەکە لە زمانەکەماندا کە پێمانوایە کەمتر لۆجیکییە و زۆرتریش لە چەمکەکەی پرۆپەوە نزیکە. زاراوەی کردەنوێن پێکهاتەیی و وێنەییە، ڕەچاوی بە هەندوەرگرتنی کار و بکەر لە گێڕانەوەدا کراوە، کە لە مۆدێلەکەی گریماسیشدا بکەر و بابەت بنچینەیین.

کردەنوێنەکان، پەیکەر و ژینگەی هەڵسوکەوت و مامەڵەکان دەردەخات و وەک مامەڵەیەکی لۆجیکی خۆی دەنوێنێت، تا ئەوەی لە کاتدا درێژبووبێتەوە، ئەمەش بەرامبەرە بە ئەرکە تێماییەکان[1] (Nilson، 2008: 68). هاوکات گریماس لە کتێبی: *Narrative Semiotics and Cognitive Discourses* بەکاریگەری بارت، باسی کردەنوێنی ڕێزمانی دەکات و پێیوایە، کەسەکە نییە کە قسە دەکات، بەڵکو قسەکردن و قسەکەر دەبن بە یەک، ئەوە قسەکەیە کەسەکە دەردەخات. «زمان قسە دەکات، نەک نووسەر-بارت». لای گریماس کەسێتییەکان یەکەی بونیادی نین، بەڵکو لە پەیوەند بە کردەوە، بواری دەرکەوتنی واتاییان هەیە، ئەوەی دەیکەن و دەینوێنن، ئەو خواست و جووڵەیەی بۆ بابەت ئەنجامی دەدەن، گرنگە، چونکە ئەوە بابەتە خود دەجووڵێنێت و دەریدەخات، وەک چۆن لێرەدا قسە دەرخەری قسەکەرە، یان بۆ نموونە، هاوسەرگیری ڕۆمیۆ و جولێت، ئەوە هاوسەرگیرییەکەیە ڕۆمیۆ و جولێت دەکات بە کردەنوێن (Greimas، 1990: 151). کردەنوێن، بریتییە لە «ئاوێتەبوونی من لە گوتاردا، یان نا ئاوێتەبوونی ئەو بۆ ئەوەی ڕاناوەکانی تر جێگەی بگرنەوە» (فتاح، ١٩٩٢: ١٥١)، واتە لە نائاوێتەیی ئەویتردا، من و تۆ، ئێمە دێنەپێشێ، بۆ نمونە لە بێدەنگی نازییەکاندا دەنگی جوولەکە دەردەکەوێت. هاوکات گریماس پێیوایە کردەنوێن، کردەکەر و کردەلەسەرکراوە؛ بەناو کردەچووەکەشدا دەگرێتەوە، لە فەرهەنگە هاوبەشەکەی لەگەڵ کۆرتێسدا دەنووسێ «کردەنوێن...دەشێت وا بیری لێبکەینەوە کە کردەیەک ئەنجام دەدات یان بە کردەیەکدا تێدەپەڕێت. ئەم زاراوەیە وەها مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، شتەکان کە هەر شێوەیەکی هەبێت، دەخاتە ناو پرۆسەیەکی بەشداریکردنەوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر پاسیڤانە، لەم گۆشەنیگایەوە کردەنوێن جۆرە یەکەیەکە کە تایبەتە بە خاسیەتێکی فەرمی ئەو کارەکتەرەی وەبەرهێنانە ئایدۆلۆجییەکەی لەسەر دەکرێت» (Courtés & Greimas، 1982: 33)، لەبەرئەوە کردەنوێن دەکرێ چالاک بێت یان

[1] Functional

ناچالاک، خۆی کارەکە دەکات یان لەسەری دەکرێت، هەر لەبەرئەوە گریماس دەیبەستێتەوە بە ڕێزمانەوە، ڕەشید بن مالک دەنووسێ لەوانەیە کردەنوێن بمانێرێت بۆ لای بۆچوونی تایبەت بەو پێکهاتانەی کە وتراوی سەرەتایی لەت دەکەن بۆ کۆمەڵێک ئەرک وەک بکەر، بابەت، بەرکار، بێ گوێدانە بەدیهاتنیان لە ناو یەکەکانی دارشتندا، وەک دارشتەی ناوی و کرداری، بەرکاریش وەک ناوەند بۆ وتراو دادەنرێت» (بنمالک، ٢٠٠٠: ١٥-١٦).

### ٤,٢. جیاوازیی کردەنوێن و کەسێتی

کردەنوێن لە کەس، کارەکتەر و پاڵەواندا سنووردار ناکرێت، چونکە دەشێ شتێک، کەسێ، هزرێ، شوێن و کاتێک بێت، دەکرێ ئەو شت و کەسە واقیعی یان خەیاڵی بێت. محەمەد بوعزە لەبارەی کردەنوێن و جیاوازی لە کەسێتییەوە دەڵێ، «چەمکێکی گشتیتر و پەتیترە لە کەسێتی، لەوانەیە کەسێتییەک، ئاژەڵێک، یان بێ گیان و بیرۆکەیەک بێت» (بوعزە، ٢٠١٠: ٦٥). سنووردارنەکردنی چەمکەکە بایەخێکی گرنگی هەیە، چونکە خۆی لەناو سنوورێکدایە و پێویستی بەوەیە دووبارە سنووردار نەکرێتەوە، گریماسیش زانایانە ئەمەی ئەنجامداوە، چونکە ئەم مۆدێلە تەنیا بۆ خوێندنەوە دەقە گێڕانەوەبەندەکان نییە، بەڵکو لە تویژینەوەی بوار و کایە جیاوازەکاندا دەرفەتی خوێندنەوە و تێگەیشتن دەرەخسێنێت. گریماس بۆ جیاکردنەوە و فراوانکردن و باڵکێشانی کردەنوێن بەسەر کەسێتی و کارەکتەردا دەنووسێ: «چەمکی کردەنوێن سوودێکی هەیە ئەویش جێگرتنەوەی چەمکی کەسێتییە بە تایبەتی لە نیشانەناسیی ئەدەبیدا، چونکە بە تەنها بەسەر مرۆڤەکاندا پیادەنابێت، بەڵکو ئاژەڵ و شتەکان و چەمکەکانیش دەگرێتەوە، زیاد لەوەش چەمکی کەسێتی خۆی ناڕوونە، چونکە لەبەشێکیدا دەچێتەوە سەر چەمکی ئەکتەر و لە بەشێکی تردا دەچێتەوە سەر چەمکی کردە (فعل)، بەڵام کردەنوێن هەم گێڕانەوەیە، هەم بریتییە لە: بکەر/بابەت، نێرەر/وەرگر. لە گۆشەنیگایەکی ڕێزمانییەوە کردەنوێنی سینتاکسی (وەک ئەوەی لە بەرنامەی گێڕانەوەدا باسکراوە) وەک بکەر لە حاڵەتدا، هەروەها بکەر لە کاتی ئەنجامداندا، هەموو ئەمانە ئەرکی سینتاکسیانەی کردەنوێنن، کە ڕۆڵێکی کردەیی لە گێڕانەوە بڕیارلێدراوەکەدا دەبینێت» (Courtés&Greimas، 1982: 33). کردەنوێن لە چەندین لایەنەوە لە کەسێتی دادەبڕێت و تێپەڕی دەکات، لەبەرئەوەی دەچێتە ناو پرۆسەکانی گێڕانەوە و گوتاری دەق، لەگەڵ ئەوەشدا لای زۆر توێژەر پەیوەندی کردەنوێن و کەسێتی هێشتا ناڕوون و تێکەڵە بۆ نموونە حەمە مەنتک دەڵێ، «گریماس چەمکی کارەکتەر و کەسایەتییەکەی لە چەمکە کۆنەکە دەرهێنا، بۆ ئەمەیش سوودی لە زمانەوانی نوێ وەرگرت...سیمۆلۆژیای گێڕانەوە پێداگری لەسەر ئەرکە ڕێزمانییەکەی کارەکتەر

دەکـاتەوە. هەروەکـو لە ڕێزمانیشـدا هـاتووە، (کەس) بەپێـی بـارە دەروونـی، ژینگەیـی و کـۆمەڵایەتییەکەیەوە دیـاری نـاکرێ، بەڵکـو بەپێـی ئەو ڕۆڵەی لە ڕسـتەدا هەیەتـی دیـاری دەکرێ. بکەر لە ڕێزماندا ئەو کەسەیە کارێک دەکات یان کردوویەتی» (مەنتک، ٢٠١٩: ٢٢) لێـرەدا حەمە مەنتــک لە کردەنــوێن تێگەیشــتووە، بەڵام نەیتوانیــوە ئەو دابــڕانەی چەمکەکە بە وردی بخاتەڕوو.

### ٥,٢. دوانەکانی کردەنوێن

کاتێک دەقێک بە مۆدێلی کردەنوێنی گریماس شیدەکەینەوە، پەیوەندی نێوان ئەم کردەنوێنـانە ڕوونـدەکرێتەوە. گریمـاس زیـاتر گرنگـی بە کـردار نەک بـکەر دەدات، بکەر بریتییە لە مرۆڤێکی دەستکرد کە لەلایەن کردارەوە دروست بووە. گریمـاس هەردوو وشـــەی actant و acteur، بەکاردەهێنێـــت و دەڵێـــت، هەردوکیـــان کردەیەکیـــان پێسپێردراوە...هەردوکیشـیان تەنیـا مـرۆڤ نـین، بەڵکـو دەکرێـت بابەتێک/شـتێک، یـان چەمکێکـی مەعـنەوی بـن، بەڵام جیاوازییەکەیـان لەوەدایە کردەنـوێن لەنـاو هەمـوو گێڕانەوەکانـدا بـوونی بنچینەیـی و گشـتگیرە، لە کاتێکـدا ئەکـتەر لە گێـڕانەوە جیاوازەکانـــدا هەنـــدێک خەســـڵەتی تـــایبەت وەردەگرێـــت. ئەکتەرەکـــان زۆرن، بەڵام کردەنوێنەکـان شەشـن و دەشـکرێت کەمتـریش بکـرێنەوە. گریمـاس لایەنـی دەرونـی نابەخشـێ بە کردەنوێنەکـان، ئەمەش وا لە کردەنـوێن دەکـات تەنیـا نەبـێ بە مرۆڤێـک، بەڵکو وەک لە مرۆڤچوویەک بێت، یان بێ گیان و شتێکی مەعنەوی و چەمکێک بێت، لەگەڵ ئەمەشـدا کردەنـوێن دەکـرێ تـاک یـان کـۆمەڵێ بێـت، وەک کۆمەڵگـایەک؛ کردەنوێنەکـان واتایـان زۆرە، بەڵام ڕۆڵ و ئەرکیـــان دیـــاریکراوە، لە فەرهەنگـــی *زاراوە ئەدەبییەکـــانی ئۆکســـفۆرد*دا هـــاتووە، کە «کردەنـــوێن تەنیـــا مـــرۆڤ نیـــیە، بەڵکـــو نامرۆڤەکانیشـــە» (Baldick، 2011: 6)، مـــۆدێلی کردەنـــوێن لە بنەڕەتـــدا لە ســـێ دوانە پێکهـاتووە، کە مەرج نییە هەر شەشیان لە دەقدا هەبـن، دەکـرێ چوار یـان دوانیـان هەبـن، بەڵام ناکرێت بەبێ دوانەی خود و بابەت کە بنەڕەتین، گێڕانەوە ڕووبدات:

١. نێـرەر[1]: بـریتییە لەو کردەنـوێنەی کە ئـارەزوو و خواسـتێکی هەیە و چـالاککەری چیـرۆکە، نێـرەر بـابەت دیـاری دەکـات و داوا لە خـود/بکەر دەکـات بچێـتە نـاو ئەم کێشمەکێشەوە. نێرەر دەشێ دەوڵەت، ئایدۆلۆجیا، ئاین و بەهایەک بێت.

٢. وەرگــر[1]: ئەو کردەنــوێنەیە بابەتێــک وەردەگرێــت، کە دەرەنجــامی ململانێــی خود/بکەرەکەیە.

[1] Sender

٣. بابەت[٢]: بریتییە لەو بابەت، بەها و بوارە خوازراوە کە لەلایەن نێرەرەکەوە دەویسترێ، وەک: ئازادی، دەوڵەمەندی، عەدالەت، خۆشەویستی..هتد.

٤. خود/ بکەر[٣]: بریتییە لەو پاڵەوان یان کردەنوێنەی کە ڕازی دەبێت بە داواکاری نێرەر بۆ بەدەستهێنانی بابەتەکە.

٥. ڕێگر/بەرهەڵستکار[٤]: بریتییە لە کردەنوێنی ڕێگر، کە هەوڵ و تێکۆشانی خود بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، دەشێ کەس، یان ئایدیایەک، بوار و بەهایەک، هێزێکی مێتافیزیکی وەک شەیتان بێت. ڕێگر لە بونیادی گێڕانەوەدا دەورێکی گرنگ دەگێڕێت، لەبەرئەوەی جوڵێنەر و سازێنەری زۆرێک لە ئەرک و کردەوەکانە، واتە ئەگەر ڕاستەوخۆ خۆی کردە نەنوێنێت، ئەوا بە ڕێگرییەکەی یاریدەی ڕووداوسازی و ئەرکەکانە. لە ڕوانگەی پرۆپەوە ڕێگر گرنگی زۆری لە جوڵەی ڕاستەقینەی حەکایەتدا هەیە، چونکە بۆ دژایەتی خود کێشە و گرفتی جۆراوجۆر دەسازێنێت.

٦. یاریدەدەر/ پاڵپشت[٥]: ئەو کردەنوێنەیە یارمەتی خود لە گەیشتن بە ئامانجەکەی دەدات، دەکرێت کەسێک یان ئایدۆلۆجیا، یان خوا و بیروباوەڕێک بێت. ئەم کردەنوێنە لەلایەک بەرهەڵستی ڕێگر و لەلایەک یاریدەی خود دەدات، واتە لەگەڵ ڕێگردا دوانەی بزوێنەری گێڕانەوە و جێبەجێکەری بەرنامەی گێڕانەوەن (بوعطیة، ٢٠١٣: ٥٤ هەروەها، ثواب، ١٣٩٦: ١٨). لە ڕوانگەی پرۆپەوە پاڵەوانەکان (خود) زۆرجار یاریدەدەرێکی جادوویان لەگەڵدایە کە کۆمەکیان دەکات لە گەیشتن بە ئامانج و شکستپێهێنانی ڕێگر، چونکە یاریدەدەرەکان هێزی گۆڕان و ڕێنوێنی...تد لە پاڵەواندا جێبەجێدەکەن.

---


[1] Receiver

[2] Object

[3] Subject

[4] Opponent

[5] Helper




دیاره ڕیزبەندی ئەم شەشە لە نێرەرەوە نەک خود/بکەرەوە، لەوێوە هاتووە، کە زۆرکات نێرەر و وەرگر جووڵێنەر و سوودبەری ئاکامەکەن یاخود هەر بکەر و بابەتن، یاخود هەر پێنج کردەنوێنەکە جگە لە بابەت ڕوو لە خود دەکەن، بەڵام خود بە تەنیا ڕووی لە بابەتە، بابەت دەبێت بە ناوەند.

**٦،٢. پەیوەندی و گۆڕانەکانی ناو نەخشەی گێڕانەوە**

نەخشەی کردەنوێنەکان بەپێی چەند پەیوەندی و ڕایەڵێک بەیەکەوە بەستراون، بۆ نموونە ئەو ڕایەڵەی لەلایەن نێرەرەوە بۆ بابەتەکە دەکێشرێ، ئارەزووی نێرەر بۆ بابەتەکە دەردەخات، ئەو ڕایەڵەیش لەلایەن بابەتەوە بۆ وەرگر کێشراوە، دەرخەری ئەو شتەیە خود بە دوای دەگەڕێت و بە وەرگر دەدرێت. ئەو ڕایەڵەیەی لەلایەن یارمەتیدەر بۆ خود کێشراوە، واتای ئەوەیە کە یارمەتیدەر یارمەتیی خود دەدات لە ململانێکەیدا بۆ ئەوەی بابەتەکە بە دەستبهێنێت. ئەو ڕایەڵەیش لەلایەن ڕێگرەوە بۆ خود کێشراوە، ئەو واتایە دەدات بە دەستەوە، کە ڕێگر بەرهەڵستی لە توانا و هەوڵەکانی خود دەکات بۆ ئەوەی بابەتەکە بە دەست نەهێنێت. ئەو ڕایەڵەیش لەلایەن خودەوە بۆ بابەت کێشراوە، دەریدەخات کە خود بە دوای بابەت دەگەڕێت، ئەو بابەتەی کە نێرەر ئارەزووی دەکات (علوش، ١٩٨٥: ٥٦). کەواتە ئەم شەش کردەنوێنە لە سێ گرووپ و دەستەی هاوپەیوەند کۆدەبنەوە؛ هەر دوانێکیان سەر بە یەکێک لەم سیانەیە:

١. ئارەزوو (خود و بابەت)، ئەمە پەیوەندی بنەڕەتی مۆدێلی کردەنوێنە، چونکە پەیوەستە بە ئارەزووی خود بۆ بەدەستهێنانی بابەت.
٢. زانیاری و گەیاندن (نێرەر و وەرگر)، نێرەر هۆی ئاڕاستەکەر و زانیاریدەری خودە بۆ گەیاندنی بە بابەتەکە، کە گەیشتن بە بابەت بە سوودی وەرگرە. هاوکات نێرەر و وەرگر دەشێ هەر بکەر خۆی بن، یاخود نێرەر دەق و ژانرەکەی یان ئاین و ئایدۆلۆجیایەک بێت.

٣. ململانێ (یاریدەدەر و ڕێگر)، ئەم دوانەیە ڕۆڵی ڕێگر و یاریدەدەر لە گەیشتن یان نەگەیشتنی خود بە بابەتەکەی دەبینن (اسکولز، ١٣٧٩: ١٥٤-١٥٦).

گریماس هەوڵیدا ڕێزمانی گێڕانەوە بدۆزێتەوە، لەبەرئەوە بایەخ بە پلۆت و تانوپۆی گێڕانەوەش دەدات، خۆی دەڵێ، «واتا درکی پێناکرێت تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە پێکەوەبەستراوە یان جومگەی گرتووە» (غریماس، ٢٠١٨: ١١٤)، ئەمەش ئاستی ڕووکەش و ڕێکخستنە، لەبەرئەوە بەرنامەی گێڕانەوە لە زنجیرەیەکی بەدواییەکهاتوو پێکهاتووە و چنینی کردەکان کە کردەنوێنەکان ئەنجامی دەدەن لە ژێر ڕۆشنایی یەکێک لە زنجیرەکانی گێڕانەوەدایە کە ئێمە بە مەبەست لێرەدا باسی دەکەین، چونکە پێمان باشتربوو سەرەتا ئاشنای کردەنوێنەکان بین، دواتر زنجیرەی کردەکانیان، لەبەرئەوەی کردەنوێنەکان تەنیا کەس و پاڵەوان نین، هاوکات لە ڕووی تێگەیشتنیشەوە بۆ خوێنەر ئەمەمان بە گونجاو زانی و پێشمانوایە لادانێکی بنەڕەتی نییە لە میتۆدەکە. ئەم زنجیرەیە باری وەرچەرخان و گۆڕان، هاتن و چوون، بەیەکگەیشتن و جیابوونەوەی گێڕانەوەن و پەیوەستی کردەی کردەنوێنەکانن لە دەقدا، بابەک ئەحمەدی وەک سیانەی بەدواییەکهاتوو ناویان دەبات: جێبەجێکاری، بەڵێن و پەیمان، جیابوونەوە و گۆڕان (ئەحمەدی، ٢٠٠٤: ٢٠٨).

سەبارەت بە نەخشەڕێی گێڕانەوە کە لەناو بەرنامەی گێڕانەوەدا جێبەجێ دەکرێت و وەڵامی پرسیارەکانمان: چۆن، چی، لەکوێوە و بۆچی دەداتەوە، واتە چی و چۆن ڕوویدا، بۆ و لە کوێ ڕوویدا، قۆناخەکان، دابڕان، گۆڕان و دۆخە جیاوازەکان کە دێنە ناوەوە و هەن، هەموو ئەمانە و چەندین لایەنی کردەنوێنەکان دەردەخات، لە ڕووی توانا، باوەڕ، پاڵنەر و هێزی جووڵێنەر، ئەمانەش چوار بنەمان: ١- پاڵنەر (بزوێنەر)، ٢- توانست، ٣- بەجێهێنان. ٤- ئاکام (پاداشت یان سزا). دیارە کۆی ئەم چواربنەمایە پێکەوە بەستراون، کە بابەتێک یان نێرەر دەبێتە بزوێنەری خود، خودیش دەبێت توانست و توانای چوون بەرەو بابەتەکەی هەبێت، بەجێهێنانیش پنتی گواستنەوەی مەبەستی خودە بۆ بابەتەکەی، ئاکامیش گەیشتن یان نەگەیشتنی خودە بە بابەت، کە سزا یان پاداشت وەردەگرێت (مەنتک، ٢٠١٩: ٥١؛ ڕەسووڵ، ٢٠١٨: ٨٠).

### ٣.خستنەڕووی بونیادی حەکایەتەکانی کوڕەکەچەڵ

حەکایەتە فۆلکلۆرییەکان بۆ بەر لەمێژوو یان ئەدەبی نووسراو دەگەڕێنەوە، لەبەرئەوە وەک چیرۆک و تێگەیشتنی خەڵکی ئاسایی نەک چینی باڵادەست دەبینرێت.(ئیبراهیمی، ٢٠٢٣: ٧) لەم توێژینەوەیەدا شەش حەکایەتی کوڕەکەچەڵ بەسەرکراوەتەوە، کە پێکهاتە و بونیادی حەکایەتەکان لە زۆریاندا هاوبەشن تا ئاستی

هاوشێوەیی، بەڵام لەشێواز و زار و خستنەڕوودا جیاوازن. «کوڕەکەچەڵ» وەک لەناوەکەیەوە دیارە نوقسان و بێزراو، نزمە و کەمی هەیە، تەنانەت لە زۆربەی چیرۆکەکاندا هەژاریی چوارچێوەی ژیانی پێکدەهێنێت. لەگەڵ ئەمەشدا خواست و ئارەزووی کوڕەکەچەڵ بەرز و بالایە، کە دەیەوێت ببێتە ببێتە پاشا و کچی پاشا بخوازێت. ئەم ویستە پارادۆکس و خەیاڵپلاو و دوورەدەستە بە لۆجیکی جادوویی حەکایەت بەئاکام دەگات. ئەگەر جیهانبینی و گۆشەنیگای پێکهێنەری ئەم حەکایەتانە لە ڕوانگەی بندەست و هەژارانەوە بخوێنینەوە، دەبینین خواستی ئەم مرۆڤانە تا ئاستی لوتکەی دەسەڵات دەڕوات، بەجۆرێک ئەوە چینی خوارەوەیە دەتوانێت گۆڕان و کردەی نەکردەنی ئەنجام بدات، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی بالادەست و پاشایانەوە بڕوانین، دەبینین وێڕای خۆجیاکردنەوەیان لە چینی خوارەوە، بەڵام دابڕاو نین، لەبەرئەوە یەکترقەبوڵکردن و پەیوەندی نێوان هەردوو چینەکە لەبەرچاوگیراوە، چینی نزم بە تەواوەتی ڕەتکراوە نین. هاوکات ئەوەش دەبینین کە پاشاکان بە پاشایی لەدایک نابن، بەڵکو دەکرێت هەژارترین و نابوتترینیش بێت.

لەو شەش حەکایەتەی بەردەستمان چواریان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نزیکن لە یەکدی، کە کچی پاشا بڕیارلەسەردراو، داواکراوە؛ واتە وەک خواستی کوڕەکەچەڵ ئامادەیە، بەڵام لە دوانیاندا کچی پاشا خواست نییە (شادی، ٢٠٠٥ و مەخمووری، ٢٠١٣). لەم دوو حەکایەتەدا کوڕەکەچەڵ و خەڵکی گوند ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و هەمووجار کوڕە کەچەڵ خەڵکی گوند فریو دەدات، ئەوانیش ساویلکە و وانە لە فریودانەکان وەرناگرن و دەکەونە داوەوە، تا دەگاتە ئەوەی گوندەکە هەمووی قڕی تێدەکەوێت و تەنیا کوڕەکەچەڵ دەمێنێتەوە، کە ئەمەش جۆرە قەرەبوویەکە بۆ بوون بە پاشا، بەبێ ئەوەی کچی پاشا و پاشایەتی ئامادەیی هەبێت. کەواتە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەم دوو حەکایەتە خاڵییە لە پاشا و کچی پاشا و خواستی سەروو واقیعی و ویستی بوون بە پاشا لە ڕێگەی ئارەزووکردن بۆ کچەپاشا.

لەگەڵ ئەوەشدا لە چوار حەکایەتەکەی تردا کوڕەکەچەڵ بە یارمەتی مرۆیی، جادوو و هێزی سەرو‌واقیعی- مرۆیی دەگات بە خواستەکەی=کچەپاشا، بەڵام لە دوانیاندا بە فێڵ و لێزانی و وریایی، (شادی، ٢٠٠٥ و ڕەسوڵ ٢٠٠٣) هەروەها لە دوانی تریاندا بەخشندەیی و بەزەیی و پاداشتی چاکەیە، بۆ نموونە یارمەتی تەیری برسی یان سەگ و پشیلە و مشک دەدات (خۆشناو، ٢٠١٣ و ڕەسوڵ، ٢٠٠٣) لەلایەکی دیکەوە کوڕەکەچەڵ لە خواستەکەی خۆی زیاتری دەستدەکەوێت، واتە لەبری تەنیا کچی پاشا دەبێتە خاوەنی زیاتر لە ژنێک (سیان)، (ئەحمەد، ٢٠١٢ و خۆشناو، ٢٠١٣) ئەمەش تێرکردنی چاوەڕوانی کەلتوورییە، کە فرەژەنی وەک بەشێک لە کەلتوور وەڵامگۆیە. هاوکات دووخاڵی جێگەی سەرنج ئاماژە

پێبکەین، یەکیان ژمارەیە کە لە سێ ژنییەوە بۆ ژمارە سێ بچین کە زۆربەی حەکایەتەکان بایەخ بە سێ دەدەن، وەک سێ ژن، سێ ئاژەڵ، سێ مریشک، سێ میراتی، سێ مەرج و داواکاری، سێ تاقیکردنەوە، سێ جار دۆڕان، وەک ئەوەی ژمارەی تاک و بەتایبەت سێ یەکلاکەرەوە بێت. سەرنجی دووەم، پەیوەندی بەنزیکی حەکایەتەکان بە پەندە کوردییەکانەوەیە، واتە حەکایەتەکان لە پەندەکانن یان پەندەکان لە حەکایەتن، چونکە زۆرێک لە حەکایەتەکان پەیڕەوی پەندو ئامۆژگارییە کوردییەکان دەکەن.

**١,٣. کردەنوێنی خود و بابەت لە حەکایەتەکاندا**

لە زۆرێک لە حەکایەتەکاندا کوڕەکەچەڵ ئەو خودەیە بۆ بابەتی خواستراوی (کچەپاشا) دەبێتە بابەتی جێبەجێکاری ئارەزووی پاشا، واتە ئارەزووی بەستراوە بە ئارەزووی نێرەرەوە (پاشا) کە تاقیدەکاتەوە بە خواستێکی سەروو واقیعی. واتە کوڕەکەچەڵ خودێکە بۆ گەیشتن بە خواستەکەی دەبێتە بابەت، بەڵام لە خودێتیدا بابەتی مەبەست لە بیرناکات و ئامانجی گەیشتنە بە بابەتی خوازراوی کە کچەپاشایە. لەم گۆشەنیگایەوە کوڕەکەچەڵ پاڵەوانی سەرەکییە و پاشاش وەک نێرەری کوڕەکەچەڵە، واتە پاشا خود دەجووڵێنێت بۆ گەیشتن بە بابەتەکەی، هەرچەند نێرەر (پاشا)ی خود، کچەکەی بابەتی خواستراوە، بەڵام بەهۆی ناهاوسەنگی و ناهاوچینی و ناهاوتایی خود بۆ بابەتەکەی ئامادەنییە کچەکەی خۆی ئاسان ببەخشێت، لەبەرئەوە دەیخاتە بەردەم تاقیکردنەوەی سەخت تا بزانێت خود شایانی بابەتی خواستراوە. کەواتە هەرچەند نێرەر دەسەڵاتی لەناوبردن و وەستانی خودی هەیە، بەڵام گرێچنی بەردەوامی حەکایەت و ئەتەکێتی پاشایان و مەیلی تاقیکردنەوە و نادیکتاتۆریان وا لە پاشا دەکات خود بخاتە بەردەم بژاردەی سەخت بۆ بەخشینی کچەکەی، کە ئەمە لەلایەک بابەتی خواستراو (کچەپاشا) وەک قوربانی و بەخشراو نیشاندراوە، هەم پێگە و پایە بە بابەتی خواست دراوە کە دەبێت خود خەباتی بۆ بکات.

لە حەکایەتی «حەیات و کوڕەکەچەڵ» (ئەحمەد، ٢٠١٢) جیاوازییەک لە بونیادی چیرۆکەکەدا هەیە. ئەم جیاوازییەش بونیادی هونەری حەکایەتەکەی بەهێزکردووە، کە نامۆیی و دەرچوونە لە بونیادی باوی حەکایەتی کوڕەکەچەڵ لەناو گێڕانەوە فۆلکلۆرییەکاندا. لەم حەکایەتەدا کچەپاشا دەوری خود و بابەتیش دەبینێت. کچەپاشا بەرێکەوت و چارەنووس دەبێتە هاوسەری کوڕەکەچەڵ، بەبێ ئەوەی باوکی بڕیاری لەسەر دابێت. کچەپاشا هاوشێوەی هەڵسوکەوتی بیری کەلتووری کە ئافرەت دەبێ بۆ مێرد وەفاداربێت، ئەمیش بەهۆی سەنگینی و ژیری و خۆبەخشینی بە کوڕەکەچەڵ ئامادەیە ڕووبەڕووی باوکی (پاشا) ببێتەوە، لەبەرئەوە پاشا بووەتە بابەتی کوڕەکەچەڵ، ئەمەش جیاوازییەکی بنەڕەتییە، چونکە پاشا سەرسامە بە دەسەڵاتی مادی و مەعنەوی

کوڕەکەچەڵ، تەنانەت تا ئەو ئاستە دەڕوات کە پاشا چاو دەبڕێتە ژنی کوڕەکەچەڵ کە کچی خۆیەتی، «جا جەنابیشت دەڵێی ژنم هەیە، ئەو ژنانەی ئەحمەد توجار...هەر بەناو بنیادەمن، دەنا پەرین لە بیچمی بەشەراندا» (ئەحمەد، ٢٢٢). ئەحمەد توجار شوناسێکی نوێیە کە کچەپاشا بە کوڕەکەچەڵی دەبەخشێت، لەبەرئەوە بە یارمەتی کچەپاشا بووەتە خود، کچەپاشا خۆشی لەنێوان خود و بابەتدایە. هاوکات وەک بیری باو کوڕەکەچەڵ کە کراوەتە بازرگان، بەڵام چاوی تێرنابێت، ئەمەش سەرچاوەی کێشەیە و هەمووجار کچەپاشا ڕزگاری دەکات، لەبەرئەوە لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی حەکایەتەکە بگاتە لوتکە دەبێت کۆتایی بە داواکارییەکانی پاشا بێت و ئەحمەد ببێتە پاشا، ئەمەش بەوە دەبێت کە پاشا داوای پردێکی چل مەتری لە ئەحمەد دەکات، حەیاتی کچی پاشاش بە دێوەکان دەڵێ بۆی ئەنجام بدەن، خۆیان دەکەنە پرد، هەر کە پاشا و دەستەوتاقمەکەی دەچنە سەر پردەکە، پردەکە دەڕوخێ «هەموویان هەڵدەوەرنە نێو چۆمەکەیەوە و دەخنکێن و بۆ یەکجاری تێدا دەچن و لەکۆڵ کەچەڵ و حەیات و ڕەعیەتی فەقیر و هەژار دەبنەوە و، خەڵکەکە ئەحمەد توجاری دەکەنە پاشای خۆیان و بە عەدالەت ڕەعیەتی خۆی بەڕێوە دەبا» (ئەحمەد، ٢٢٩). لەم حەکایەتەدا حەیات باوکوژە، بەڵام سەرچاوەی بنەڕەتی چاکەیە و هەموو کردە و کردەنوێنەکان چاویان لە بڕیار و ئاڕاستەی ئەمە، بە کوڕەکەچەڵ خۆشییەوە، لەبەرئەوە نەریتی حەکایەت وایە کە ڕەگەزی مێ پاشا نییە، دەنا بڕیارەکان لای حەیاتە، کە دەکرێت وەک سەرچاوەی ژیانیش لێی بڕوانین، کە ژیان بە چینی نزم و ژێرەوە دەدات، هەرچەند خۆی لە چینی بالایە، بەڵام چاکەخوازییەکەی بەجۆرێکە کە سەرچاوەی بەرزکردنەوەی چینی خوارەوەیە، هەتا ئەگەر بە لەناوبردن و کوشتنی باوکی خۆشی بێت.

### ٢,٣. ڕێگر لە حەکایەتەکانی کوڕەکەچەڵدا

گەرموگوڕی و چێژ و هەستبزوێنی و بەردەوامی گێڕانەوە زۆرجار کردەنوێنی ڕێگر دەینوێنێت، لەبەرئەوە ڕێگر بەرهەڵستکار و دژایەتیکەری خودە بۆ گەیشتن بە بابەتی خواستراوی. ڕێگر، دەکرێت کەس، بیر، شت و هێزێکی واقیعی یان نا-واقیعی بێت. لەم شەش حەکایەتادا ڕێگرەکان لێکچوون و جیاوازییان هەیە، بەجۆرێک ئەگەر پاڵەوان کوڕەکەچەڵ بێت، ئەوا لە هەندێکیاندا ساویلکەیی و فریو ڕێگرە، لە حەکایەتی تریشدا لێزانی و فێڵبازی کوڕەکەچەڵ خۆی، ئەم لێکدژیەش بەپێی بونیادی حەکایەتەکان دەگۆڕێت. بۆ ڕوونکاریی توێژینەوەکە بە ڕێزبەندی «ڕێگرەکان»ی ناو هەریەک لە حەکایەتەکان لە یەک تا شەش دەستنیشان دەکەم.

یەکەم: جیاوازی چینایەتی و هەژاری. خۆلێکگۆڕان و چاوچنۆکی. کوڕەکەچەڵ هەژارە، بەڵام کچەپاشا (حەیات) بە ڕێکەوت دەبێتە ژنی و دەوڵەمەندی دەکات، بەڵام

چـــاوتێرنەبوونی لە هەنـــدێک بـــاردا ڕێگـــرە تـــا ببێـــت بە پاشـــا، لەبەرئەوە لەم حەکایەتەدا گەیشتن بە کچەپاشا خواستی سەرەکی نییە، بەڵکو ڕازیکردنی پاشـا و تێرکردنـی داواکـانی و لە ئەنجامـدا لەنـاوچوونی و جێگـرتنەوەی بە کـوڕەکەچەڵ خواسـتی سـەرەکییە کە کچەپاشـا بەیـارمەتی ئەنگوسـتیلە و دێوەکـان کـوڕەکە دەخـاتە سـەرتەخت و بـاوکی و داروەدەسـتەکەی لەنـاودەبەن. کەواتە ڕێگر وێڕای دەسەڵات و هێز و پارەو سامان، وەزیر و کاربەدەستان، دەتوانین نـاڕەوابوون و چـاوتێرنەبوونی پاشـاش بـۆ ژنـی کـوڕەکەچەڵ بە ڕێگـر و یاریـدەدەر دابنێـین، چـونکە وا دەکـات کچەپاشـا بـاکی بە لەنـاوچوونی بـاوکی نەبێت.(ئەحمەد، ٢٠١٢).

دووەم: لەم حەکـایەتەدا کـوڕەکەچەڵ خواسـتی ئەوەی هەیە خەڵکـی گونـد بە «کەچەڵ» بـانگی نەکەن، لەبەرئەوە ڕێگـری سـەرەکی نـاو و نـاتوورەی خەڵکییـە، کە کـوڕەکەچەڵ بە فریودانیـان و ئـارەزووی لاسـاییکاری و چاولێکەریـان وایـان لێدەکات هەموو بکەونە داوەکانی و لە کۆتاییشدا لەناوبچن و خۆی ببێتە پاشای گوند.(مەخمووری، ٢٠١٣).

سـێیەم: هەژاری و جیـاوازی چینـایەتی و پـلە و پـێگە. هەروەهـا گرنگتـر لە هەمـووی لە دەستدانی ئەنگوستیلەی جادووییە (یارمەتیدەر و ڕێگرە)، سەرچاوەی بەدەستهێنان و لەدەسـتدانی کچەپاشـا و کۆشـکە) کە بەهـۆی نەزانیـی و کەمتەرخەمـی کەنیزەکـی کچەپاشـا و فریـوی کچەپاشـاوە ئەنگوسـتیلەکە دەچێـتەوە دەسـتی کـابرای جـوولەکە، ئەویـش بە تەڵەکەبـازی لە دەسـتیان دەردێنێـت. لەبەرئەوە جـوولەکە سـەرەتا یارمەتیـدەر دواتـر ڕێگـرە. هاوکـات وەزیـران لە زۆربەی حەکایەتەکانـدا کردەنـوێنی ڕاوێژکـارن، کە دەوری نێوەنـدی ڕێگـر و یاریـدەدەر دەبینن.(ڕەسوڵ، ٢٠٠٣).

چوارەم: لەم حەکایەتەشدا جیاوازی چینایەتی و هەژاری ڕێگرن. لەلایەکی دیـکەوە ڕێگـر و یاریدەدەر هاوبەشن، میراتی باوکی کوڕەکەچەر کە دەروێشـە سێ شتی جادووییە، «تـوورەکە، کـڵاو، زوڕنـا»، ئەم سـیانە سـەرچاوەی بەدیهێنـانی خواسـتی پـاڵەوان و ساویلکەیی و قسەخۆشی و فریودانی کچەپاشا ڕێگرن.(مەخمووری، ٢٠١١).

پێـنجەم: هەژاری و نەداری، هەروەهـا مەرجـی سـەنگینی پاشـا و فێـڵ و تەفـرەی کچەپاشـا و هاودەستەکانی، کە دەیانەوێت کەچەر لە بە دیهێنانی مەرجەکان شکست بێنێت. هاوکـات «تەیر» وەک ڕێگر و یاریـدەدەرە، بەجۆرێـک قەرەبووی ئەوەی بە زیـادەوە بـۆ

دەکاتەوە، کە لەسەرەتای حەکایەتدا مریشکەکانی کەچەری خوارد، ئێستا بۆ ڕزگارکردنی قازەکانی بۆ دەگەڕێنێتەوە، واتە مریشک بە قاز.(خۆشناو، ٢٠١٣).

شەشەم: ئەم حەکایەتەش هەمان بونیاد و گێڕانەوەی حەکایەتی دووەمی هەیە، تەنیا گۆڕانی بچووک لە ناو و شوێن و شتەکاندا هەیە.(شادی، ٢٠٠٥).

وەک لەم شەش حەکایەتەدا دەردەکەوێت، دوو پۆل کردەنوێنی ڕێگر و بەرهەڵستکار هەن، کە زۆرترینیان هەژاری و جیاوازی چینایەتییە، دووەم هاوچین و هاوئاستی کوڕەکەچەڵن، بەڵام ساویلکە و چاولێکەرن، ئەمانە خەڵکی گوندن بەگشتی و ڕێگرن لە بینینی کوڕەکەچەڵ وەک خۆی، دەیانەوێت لەڕێگەی ناتوورەوە نزم و کەمی بکەنەوە، ئەویش بە فێڵ و لێزانی دەیانخاتە ناو چاڵ و تەڵەوە و تا ئاستی لەناوبردن دەیانبات و پەندە کوردییەکانی ئەزموونوەرنەگریش بەسەریاندا ساخ دەبێتەوە کە هەمووجارێ فریودەخۆن و وانەوەرناگرن. لە خوارەوە یاریدەدەر و پاڵپشتیکاران دەستنیشان دەکەین.


### ٣,٣. یاریدەدەر لە حەکایەتەکانی کوڕەکەچەڵدا

یاریدەدەر ئەو کردەنوێنەیە، کە دەشێ کەس یان هێز و دەسەڵات و بیروباوەڕ و شتانێک لەخۆبگرێت کە پاڵپشتی پاڵەوان بن بۆ گەیشتنی بە بابەتی خواستراو. لە حەکایەتە فۆلکلۆرییەکاندا یاریدەدەر بۆ سێ دەستە دابەشبوون، لایەنی مرۆیی و سەروو مرۆیی و ئاژەڵ و شتەکان. لێرەشدا بەهەمان ڕیزبەندی سەرەوە یاریدەدەران دەخەینەڕوو.

یەکەم: لە حەکایەتی «حەیات و کوڕەکەچەڵ» (ئەحمەد، ٢٠١٢)، دەرکردنی کوڕەکەچەڵ لەلایەن دایکییەوە تا پارە پەیدانەکات نەگەڕێتەوە، هۆکاری یاریدەدەرە بۆ دیداری بەرێکەوتی لەگەڵ کچەپاشا. هەروەها فریودانی کچەپاشا بە خۆخستنەجێی کوڕی نایب کە خۆشەویستی کچەپاشایە، پێکگەیشتنی پاڵەوان و کچەپاشا ڕوودەدات، لەم پێکگەیشتنەدا ژیری و ڕازیبوون بە چارەنووس لەلایەن کچەپاشاوە یارمەتیدەرە. لێرەوە کردەنوێنی یارمەتیدەر لە حەکایەتەکەدا بۆ مرۆیی و سەروومرۆیی دابەش دەبێت، هەرچی داخوازییە ناواقیعییەکانی پاشایە، لەلایەن هێزە جادووییەکانی کچەپاشاوە جێبەجێدەبن، ئەنگوستیلەی جادوویی یاریدەدەری سەرەکییە، کە بە نیشاندانی هەموو ئاژەڵ، باڵندە، دێو و سیمورغ و کچەپاشاکانیش دەبنە یاریدەدەری کوڕەکەچەڵ تا خواستەکانی پاشای پێ جێبەجێبکات. بەشی زۆری ئەم هێزە جادوویی و نامرۆییانە کە بەخشندە و یارمەتیدەرن لە ڕێگەی ئاکار و ژیریی کچەپاشاوەیە، چونکە بە دەستگیرۆیی هەژاران بۆ دەوڵەمەندبوون و ئەتەکێت و ڕاهێنانیان، وایکردووە هەمووان بە مرۆڤ و

نامرۆڤەوە لەخزمەتیدابن، ئەمەش دەخاتە خزمەتی سەردارەکەی کە کوڕەکەچەڵە، کەواتە یاریدەدەران چ کەس و ناکەس بەهۆی حەیاتەوەیە یاریدەی کوڕەکەچەڵن.

دووەم: لەم حەکایەتەدا ویستی «لەکەی کەچەڵ»لەخۆکردنەوە، پاڵەوان هاندەدات بۆ وانەدان و فریودانی خەڵک، لەبەرئەوە زۆرزانی و فێڵبازی پاڵەوان یارمەتیدەری سەرەکییە بۆ گۆڕانی شتەکان و گەیشتنی خود بە خواستەکەی. پاڵەوان وریا و شارەزایە کە خەڵکی چاولێکەن، ئەمەش یارمەتیدەرە تا وایان لێبکات فریو بخۆن، بۆ نموونە بە فێڵ فەردەیەک پیسایی بە کوتاڵ دەگۆڕێتەوە، بە خەڵکی دەڵێت کە لە شار پیسایی بە کوتاڵ گۆڕیوەتەوە، ئەوانیش لاسایی دەکەنەوە و لێدان دەخۆن، بەمجۆرە هەرجارەو پاڵەوان سەرسامییەک لای خەڵک دروستدەکات و خەڵکیش ئارەزووی چاولێکەریان هەیە و فریودەخۆن. کەواتە گۆڕانی شتەکان (پیسایی بە کوتاڵ) پەیوەندی بە جادوو و سیحر یان یارمەتی شتەکان خۆیانەوە نییە، بەڵکو بە شارەزایی پاڵەوان و ساویلکەیی خەڵکەوە هەیە.(مەخمووری، ٢٠١٣).




سێیەم: سەرەتا کردەنوێنی یاریدەدەر هەوڵ و کۆشش و شتی واقیعییە، کە پاڵەوان لە ڕێگەی کاری ئاسایی دەتوانێت پارە پەیدابکات و هێلکەی تەیر بە بازرگانی جوولەکە بفرۆشێت و دواتریش تەیرەکەی بۆ ببات تا نەخۆشییەکەی چارەسەر بێت و لەبەرامبەردا ئەنگوستیلەی بەختی پێبدرێت تا بگات بە کچەپاشا و کۆشک. پاڵەوان وەک مرۆڤێکی بەخشندە و بەبەزەیی یارمەتی مشک و پشیلە و سەگ دەدات، دواتر ئەمانیش دەبنەوە بە یارمەتیدەر لە دەستخستنەوەی ئەنگوستیلەکە (وەک پەندە کوردییەکە چاکە بکە، چاکە دێتەوە ڕێت)، کە کابرای جوولەکە بە فێڵ لە کچەپاشای سەندبوووەوە. کەواتە هێلکە و تەیر و ئەنگوستیلە هۆکارن، بەڵام یاریدەدەری مرۆییش هەیە، دایکی دەچێتە خوازبێنی و وەزیرەکانیش وەک ڕاوێژکار ڕێگری یاریدەدەدەرن کە داوای پاشا دیاریدەکەن تا کوڕەکەچەڵ جێبەجێی بکات، کە بە یارمەتی ئەنگوستیلەی بەخت چارەسەری دەکات. هاوکات جوولەکە بازرگانەکەش یاریدەدەری ڕێگرە، چونکە ئەنگوستیلەکە لەوەوە دەستدەخرێت، بەڵام لەبەر چاولەدوابوونی و بە فێڵ و بەهۆی

ساویلکەیی کەنیزەک و کچەپاشا وەریدەگرێتەوە، دواتر بەهاوکاری ئاژەڵەکان کوڕەکەچەڵ دەستیدەخاتەوە.

چوارەم: دیارە یاریدەدەر لەم حەکایەتەدا میراتی باوکی کوڕەکەچەڵە کە سێ شتی جادوویین «توورەکە، کڵاو، زوڕنا»، کە بە فێڵ و فریوی کچەپاشا لەکاردەخرێن، بەڵام پشتبەستن بە خوا و لەسەرهەقبوون و کۆڵنەدان کۆمەکی ویستی کوڕەکەچەڵ دەکەن، هاوکات دڵپێسووتانی دایک و وەفاداریش هاوکارن، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوەی یاریدەدەری سەرەکییە سیمورغە، کە ترێی ئەجندان و مەلائیکە (شەیتان و فریشتە) بە کوڕەکەچەڵ دەدات تا بە ترێی ئەجندان نەخۆش و بە هی فریشتان چارەی پاشا بکات، ترێی چارەش بکاتە مەرج بە پێدانەوەی سەرجەم میرات و دەستگیرانەکەی کە کچەپاشایە.

پێنجەم: لەم حەکایەتەدا نائومێدی و ژیان خستنەناو قومارو چانسەوە یاریدەدەری سەرەکی کوڕەکەچەڵە، «ئەگەر پێم کرا ئەوە کچێ خۆم ئەداتێ و ئەگەر پێشم نەکرا، ئەوە دەمکوژی، خەلاس ئەمن خۆ ئەستێرەم لە ئاسمانێ نەماوە». لەگەڵ ئەوەشدا لێزانی و زرنگی خودی پاڵەوان یاریدەدەری سەرەکین، بەڵام ئەوەی یاریدەدەری یەکلاکەرەوەیە بۆ گەیشتن بە خواستی پاڵەوان تەیری وەفادارە کە مریشکی کەچەڵی خواردووە و دواتر بە قاز کە ڕزگارکەری ژیانیەتی پاداشتی دەداتەوە، کەواتە ئاژەڵ و باڵندەکان لە ڕواڵەتدا خراپەکارن، بەڵام لە بنەڕەتدا یاریدەدەرن.

شەشەم: نزیک و هاوشێوە لە حەکایەتی دووەم، بەڵام زیاتر فێڵ و تەڵەکەبازی و تۆڵە سەرچاوەی فریودانی خەڵکە، نەک ویستی لەکە و پەڵە لێکردنەوە، لەبەرئەوە یاریدەدەری سەرەکی فێڵ و زرنگی و فریودانە کە شێوازی ژیانی پاڵەوان دەگۆڕێت و دەتوانێت ڕووبەڕووی نەهامەتییەکان ببێتەوە، کەواتە یاریدەدەری سەرەکی نەزانی و ساویلکەیی و تەماحی خەڵک لەبەرامبەردا لێهاتوویی کوڕەکەچەڵە لە خەڵکناسی و ئارەزووەکانیان، تا ئارەزووی خۆی بەرامبەریان ڕابگرێت و سەربخات.



### ٣.٤. گۆڕانەکان لە نەخشەی حەکایەتەکاندا

لە زۆرێک لە حەکایەتەکاندا گۆڕانەکان کتوپڕ و بێ بەرنامە و بیرۆکەیین، واتە پاڵەوان هەژارێکی چڵکنە و لەخۆوە ئارەزووی کچەپاشا دەکات، حەکایەتیشمان هەیە کە لە پێگەیشتن و بەرنامەسازیی نهێنییەوە بە یارمەتی هێزی جادوو ئەو ویستەی بۆ بابەتەکەی لا گەلاڵە دەبێت، بۆ نموونە هەژارە، بەڵام شتێکی جادوویی هەیە و لەمەوە دەیەوێت بگات بە بابەتی خواستراوی لەخۆی گەورەتر. بە گشتی گۆڕانی ناو کۆی حەکایەتەکان دەتوانین لە سێ ڕەهەنددا دیاری بکەین:

١. ڕەهەندی چاوەڕوانکراو، کە ئەمەیان زۆرتر کاردانەوە تیایدا کارایە، بەتایبەت لە حەکایەتی دووەم و شەشەمدا، کە پاڵەوان کاردانەوە بەرامبەر بە خەڵکی نیشاندەدات، لەبری دەستوپێسپێتی و نەزانی و دواکەوتنی ئەوانیتر، زرنگی و هەڵسوڕانی ئەوانیتر بۆ مەبەستی خۆی دەخاتەڕوو، کە ئەمەش کاردانەوە و پاداشتی کردنی ئەوانە بە ئاڕاستەکراو لە بەرامبەردا خۆشی دەبێتە ئاڕاستەکەر. بوون بە ئاڕاستەکەر لەخۆوەنییە، بەڵکو لە توانا و لێهاتووییە کە کوڕەکەچەڵ لێرەدا توانای زوو وەڵامدانەوەی دۆخەکانی هەیە، کاتێک کێشەی پێش دێت خێرا دەتوانێت خۆی ڕزگار و ئەوانەی مەترسین لەسەری بیانکات بەهێزی یاریدەدەری خۆی، ئەمەش دەتوانین لە نموونەی چەتە و ڕێگرەکاندا ببینین کە کوڕەکەچەڵ بە لێزانی دەیانڕوتێنێتەوە و فریویان دەدا و بە تیرێ دوو نیشانە دەپێکێت.(مەخمووری، ٢٠١٣)

٢. ڕەهەندی چاوەڕواننەکراو و کتوپڕ، کە کوڕەکەچەڵ وەک گەمژە و هەژارێ خواستی گەیشتنە کچەپاشای هەیە، گۆڕانەکەش لێرەوە سەرچاوە دەگرێت کە پاشا مەرجی قورس دادەنێت و کوڕەکەچەڵیش بەرێکەوت دەگات بە هێزێکی جادوویی تا داخوازییەکە جێبەجێبکات و بگات بە خواستەکەی. ئەمەش لە حەکایەتی یەکەم و چوارەمدا تێبینی دەکەین، بۆ نموونە لە یەکەمدا بە ڕێکەوت و چارەنووس بە حەیات دەگات، ئەگەر نایبی خۆشەویستی حەیات دوانەکەوتایە لە جێژوان یاخود کوڕەکەچەڵیش بە ڕێکەوت لەوێ نەبایە، ئەوە ڕووی نەدەدا کە لەبری یەک کچەپاشا سێ کچەپاشای بۆ ببێت، لەبەرئەوە تەنانەت گەیشتن بە کچەپاشاش ڕێکەوت و چاوەڕواننەکراوە و بێ خواستی کوڕەکەچەڵیشە.(ئەحمەد، ٢٠١٢)

٣. ڕەهەندی تێهەڵکێش کە لە حەکایەتی سێیەم و پێنجەمدا چالاکە. لە تێهەڵکێشدا چنینی حەکایەتەکە بەجۆرێکە پاڵەوان لەخۆڕاو و لەخۆڕابینیشی هەیە و دەیەوێت خۆی تاقیبکاتەوە بۆ گەیشتن بە خواستەکەی، هەرچەند لەهەندێک باردا نەشیاوی

زیاتر دەبینرێت، بەڵام لەخۆڕابینی وا دەکات بکەوێتە ناو ململانێی نەشیاوی و نەلواوییەوە، کەواتە ململانێکە لەکۆتاییدا بە گەیشتنی پاڵەوان بە خواستەکەی کۆتایی دێت. لە حەکایەتی سێیەمدا کوڕەکەچەڵ بە ڕێکەوت هێلکە و تەیر دەدۆزێتەوە و بازرگانە جوولەکەکە دەناسێت و داخوازی لێی هەیە، پاڵەوانیش بە بەرنامە داوای ئەنگوستیلەی لێدەکات تا بگات بە ئاواتەکانی، لەبەرئەوە حەکایەتەکە بەجۆرێک چنراوە کە تا ئەندازەیەک دوو لەتی پێکەوەچنراوە، کە گێڕەرەوە لە لەتی یەکەم دادەبڕێ و دواتر بۆی دەگەڕێتەوە، دەڵێ-دەنووسێ "با بێینەوە لای کابرای جوولەکە..."(ڕەسوڵ، ٢٠٠٣) گۆڕانەکانی ناو گێڕانەوەی حەکایەتەکە بەجۆرێک چنراوە کە لەلایەک خافڵگیر و لەلایەکی ترەوە چاوەڕوانیت لێی هەیە.

**ئەنجام**

- حەکایەت و ئەفسانەکان بەشێکن لە ئەدەبی فۆلکلۆر(زارەکی)، کە بەشدارن لە پێکهاتەی شوناسی نەتەوەییدا و سەر بەجیهانبینییەکی دیاریکراون. حەکایەتەکانی کوڕەکەچەڵ لەناو ململانێ و کاردانەوەیەکی بەرامبەریدا سازبوون کە دوو ئاراستە لەخۆدەگرن، لەلایەک مرۆڤی نزم و هەژاری وەک کوڕەکەچەڵ دەتوانێت ئارەزوو و ویستی گەورەی هەبێت، کە ببێتە پاشا و کچەپاشا بخوازێت، ئەمەش پەیوەندی و گۆڕانی چینی خوارووە بۆ سەروو، لەلایەکی ترەوە دوان لە حەکایەتەکان هەر لەناو دنیای هەمان چیندا دەمێنێتەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هاوچین و خەڵکە ئاسایی و گشتییەکەیە کە شایانی فریودانن، چونکە ساویلکەن و ناوناتۆرەدەرن.

- پەیوەندی کردەنوێنی خود و نێرەر کاریگەری لەسەر کۆگێڕانەوە و ڕەوت و گرێچن هەیە، بەجۆرێک نێرەر زۆرجار پاشا و ڕێنمایی وەزیرەکانن، کە پاڵەوان ئاراستە دەکەن تا کردەی بە واقیعی هەڵنەسوڕاو لەئەستۆ بگرن، ئەمەش چێژ و واتای گێڕانەوە دەخاتەسەرپشت، کە نێرەر چاوەڕوانی شکستە لە چینی نزم، بەڵام هەمیشە پاڵەوانی هەژار دەتوانێت شکست بە خواستەکانی پاشا بهێنێت، تا ئەوەی چینی خوارەوە لە وێنای کوڕەکەچەڵدا دەتوانێت ببێتە شوێنگرەوەی، لەبەرئەوە بە دیدە گریماسییەکە نێرەری پاشا لەلایەن نێرەری حەکایەتسازەوە ئاراستەکراوە، چونکە پلانی حەکایەتساز ئەوەیە کە پاڵەوان سەرکەوتووبێت لە گەیشتن بە ئارەزووەکەی، کە ئەمەش دەریدەخات جیهانبینیی پشت حەکایەتسازییەکە سەر بە چینی خوارووە.

- کردەنوێنی ڕێگر لە حەکایەتەکانی کوڕەکەچەڵ فرەن، لەلایەک بیرکردنەوەی باو و دواکەوتووی خەڵک، هاوکات دابەشبوونی کۆمەڵگە بۆ چینەکان، کە هەژارەکان ناتوانن بگەنە دەسەڵات، هەتا هێزێکی جادوویی کۆمەکیان نەکات، واتە ئەوەی هەژار

له هەژاریتــی دەخــات زۆرجــار هێــزە نــاواقیعی و ســەروو سروشــتییەکانن، کێشــەی ئەو کەرەســتە جادووییــانەش ئەوەیە کە بــێلایەنن بــۆ پــاڵەوان و دژەکەشــی هەمــان کــار دەکەن. بەڵام لەبەرامــبەردا ئەوەی یاریــدەدەری متمــانەپێکراو و چــاوەڕواننەکراوە ئەو باڵنــدە و ئــاژەڵ و بوونەوەرە زینــدووانەن کە لەکــاتی قەیــران و کێشــەی یەکلاکەرەوەدا بەدەمەوەهــاتنی بارودۆخەکەیــان هەیە، کە ئەمەش زۆرجــار لە چوارچێــوەی چــاکە بــکە چــاکەت دێــتەوەرێدا جێــی دەبێــتەوە، چــونکە ئــاژەڵان وەک شــتە جادووییەکــان نــین، بەڵکو وەڵامگۆی دۆخە مرۆییەکە دەکەن.

## سەرچاوەکان

### ١. کوردی


- ئەحمەدی، بابەک(٢٠٠٤) پێکهاتە و ڕاڤەی دەق- کتێبی یەکەم، وەرگێڕانی: مەسعود بابایی، هەولێر: ڕەنج.
- ئەحــمەد، ئــارارات، (٢٠١٢)، قوتــووی عەتــاری ســێیەم، چ.١، ئنیســتیتیوتی کەلەپــووری کــورد-ســلێمانی، چاپخانەی کەمال.
- امین، سیروان جبار، مام صوفی، هونەر انوەر(٢٠٢٢)، شیکردنەوەی پێکهاتەی حیکایەتی کوردی لەسەر بنەمــای تیــۆری حیکایەتناســیی فلادیمێــر پــرۆپ بە نمــوونە حیکــایەتی چــل کەزی، گۆڤــاری تــوێژەر، بەرگی ٥، ژ ١.
- ڕەسووڵ، هەڵمەت بایز(٢٠١٨)، سیمۆلۆژیای گێڕانەوە لە ڕۆمــانی »کۆشــکی باڵنــدە غەمگینەکــان«ی بەختیار عەلیدا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ١، ژمارە ١.
- ڕەسوڵ، شوکریە، (٢٠٠٣)، حەکایەتی خورافی کوردی لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، ئنیستیتیوتی کەلەپووری کورد،
- خۆشناو، هێمن عومەر، (٢٠١٣)، چاپی یەکەم، ئنیستیتیوتی کەلەپووری کورد-سلێمانی.
- شــارەزووری، یادگــار لەتیــف(٢٠١٥)، دیــاردەگەرایی و ڕەخــنەی ئەدەبــی، هەولێــر: لە بڵاوکراوەکــانی کتێبخانەی فێربوون.
- شادی، ئەحمەد، (٢٠٠٥)، چەپکێک چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، ئنیستیتیوتی کەلەپووری کورد، چاپخانەی شڤان-سلێمانی.
- مەخمــووری، پیــرداود، (٢٠١١)، ســۆزێ چاوشــین، بڵاوکراوەکــانی ئەکادیمیــای کــوردی، چاپخــانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر.
- ............ (٢٠١٣)، گەڕان بە دوای ئەفسانەدا، چاپخانەی شەهاب.
- مەنتــک، حەمە(٢٠١٩)، ســیمۆلۆژیای گێــڕانەوە، هەقــایەتی ئەفســانەی فۆلکلــۆری کــوردی بە نمــوونە، سلێمانی: دەزگای سەردەم.


### ٢.فارسی


- اسکولز، رابرت(١٣٧٩)، درآمدی بر ساختارگرایی در ادبیات، ترجمەی فرزانە طاهری، تهران: آگاه.
- پــراپ، ولادیمیــر(١٣٩٦) ریخــت شناســی قصــەهای پریــان، تــرجمە، فریــدون بــدرەای، چــاپ چهــارم، تهــران: انتشارات توس.

- ثواب، فاتمه، (١٣٩٦- رساله دكترا) بررسی ساختار روایی منظومه‌هاي غنایی بر پایه‌ي نظریه‌ي گریماس (ویس و رامین، خسرو و شیرین، جمشید و خورشید، هماي و همایون، لیلی و مجنون)، دانشگاه سیستان و بلوجستان.
- سرکاریزی، حسین‌پور، احمد، علوی‌مقدم، مهیار، فیروزی‌مقدم، محمود(١٣٩٨)، تحلیل ساختار روایی و کنش گفتمان رمان سمفونی مردگان برپایه، نظریه نشانه-معناشناختی روایی گریماس، فصلنامه روایتشناسی، سال٣ شماره ٦.
- سیبیاک، تامس آلبرت(١٣٩٩). نشانه‌ها: درآمدی بر نشانه‌شناسی، ترجمه‌ی محسن نوبخت، چاپ، دوم، تهران: علمی.
- حمیدرضا شعیری،(١٣٨٨)، از نشانه‌ناسی ساختگرا تا نشانه-معناشناسی گفتمانی، فصلنامه نقد ادبی س٢، ش٨.
- ــــــ (١٣٨٨)، از نشانه‌شناسی ساختگرا تا نشانه-معناشناسی گفتمانی، فصلنامه نقد ادبی، س٢، شماره٨.
- گرمس، آلژیرداس ژولین(١٣٨٩)، نقصان معنا، ترجمه حمید رضاشعیری، چاپ اول، تهران: علم.
- صفوی، کورش(١٣٩٨)، آشنایی با نظریه‌های نقد ادبی، تهران: علمی.
- عباسی، علی، (١٣٩٥). نشانه-معناشناسی روایی مکتب پاریس (جایگزینی نظریه مدلیته‌ها بر نظریه کنشگران: نظریه و عمل)، تهران: دانشگاه شهید بهشتی.
- گرمس، آلژیرداس ژولین(١٣٨٩)، نقصان معنا، ترجمه حمید رضاشعیری، تهران: علم، چاپ اول.
- مکوئیلان، مارتین(١٣٩٥)، گزیده مقالات روایت، ترجمه‌ی فتاح محمدی، تهران: مینوی خرد، چاپ، دوم.
- مکاریک، ایرنا ریما(١٣٩٠). دانش‌نامه‌ی نظریه‌های ادبی معاصر، ترجمه‌ی مهران مهاجر، محمد نبوی، تهران: آگهه، چاپ چهارم.

### ٣. عەرەبی

- اج. غریماس (٢٠١٨)، سیمیائیات السرد، ترجمه و تقدیم د.عبدلمجید نوسي، المرکز سقافی العربی، دار بیضاء-مغریب، الطبعه الاء.
- أونـیس، أمیـنه، (دكتـؤرا ٢٠١٨) سـیمیائیة الشخصـیة فـی روایـات واسـینی الأعـرج «المخطـوطه الشرقیة، أصابع لولیتا، مملكة الفراشة» أنموذجا، كلیه الآداب و اللغات، قسم الآداب و العربیة، جامعه محمد خضیر- بسكرة.
- بن مالك، رشید(٢٠٠٠)، قاموس، مصطلحات التحلیل السیمیائی النصوص، عربی، انجلیزی، فرنسی، دار الحكمه.
- بوعزه، محمد (٢٠١٠)، تحلیل النص السردی، جزائر العاصمه: منشورات الاختلاف، طبعه ١.
- بوعطیة، سعید(٢٠١٣)، «المرجعیة المعرفیة للسیمیائیات السردیة (جریماس نموذجا)» مجله، semat .Vol, 1, No.1
- علوش، سعید(١٩٨٥)، معجم المصطلحات الادبیة المعاصرة، البنان: دار الكاتب، طبع ١.

### ٤. ئینگلیزی

- Baldick, C., 2011. *The Concise Oxford Dictionary of Literary Terms*. 2nd ed. OXFORD: OXFORD UNIVERSITY PRESS.
- Greimas, A. J. (1987) *On Meaning Selected Writings in Se1niotic Theory*, translation by Paul J. Perron and Frank H. Collins, University of Minnesota Press, Minneapolis.

- Greimas A. J., and J. Courtés, (1982), *Semiotics and language*, translated by Larry Christ, Daniel Patte, James Lee, Edward McMahonII, Gary Phillips, & Michael Rengstorf. Bloomington, IN: Indiana University Press.
- Greimas, A. J. (1990) *Narrative semiotics and cognitive discourses*. London: Pinter.

**٥. سويدى**

- Nilson, k. B., Romoren, R., E.S., Tonnessen, and Wiland, S. (2008) *Att möta texten. Översättning*: S. Sandelin, Lund (Sweden).

## ازدواجية العوائق والمساعدات في السرد الغريمي الولد الأصلع في الأساطير الكردية مثلاً

**الملخص**

وعلى عكس الأدب المكتوب، فإن الأدب الشعبي يعكس تجربة الأمة وفكرها، ولا يعبر عن فكر فرد، تشرق فيه هوية الأمة وفكرها. وتجسد الأساطير، التي تشكل جزءًا رئيسيًا من هذا الأدب، المعنى الإنساني والنظرة العالمية بطريقة السرد لمختلف المجالات؛ إن فن وجماليات السرد في الأسطورة يتوازى مع الفكر والأحداث وصراع القوى. تعتمد خريطة وسلسلة السرد في الأساطير على سلسلة من الأحداث والصراعات لقوى مختلفة، مع أبطال مختلفين يمثلون هذه القوى والآراء والرغبات المختلفة، ولكن على الرغم من هذه الاختلافات، فإن البنية المشتركة للقصص موحدة.

يعد غريماس أحد مؤسسي علم السرد الفرنسي، متأثرًا بالشكلانيين والبنائيين. ويؤكد غريماس أن هناك ثلاثة فاعلين في كل رواية، وسنعمل في هذا المقال على ست قصص كردية، إحداها هي المساعد والخصم. وفي قصص الصبي الأصلع نريد أن نتعرف على المساعدين والعوائق ونرى ما هي ومن هي القوى والآراء التي تمنع الممثل من تحقيق موضوعه ورغبته. إن رغبة الفاعل في الموضوع هي التي تحرك السرد، ويساعد المرسل والمتلقي للموضوع في توجيه الفاعل وعالم السرد. يلعب المساعدون والعقبات، والتي يمكن أن تكون أشياء أو أفكار أو معتقدات أو ثقافات أو أبطال، دور الصراع وإزالة الفاعل أو تقريبه من الموضوع.

**الكلمات الدالة:** *السرد، الكشر، العائق، المساعد، الولد الأصلع.*

**The duality of obstacles and auxiliaries in Grimacean narratology The bald boy in Kurdish mythology, for example**

**Abstract**

Unlike written literature, folk literature reflects the experience and thought of a nation, does not express the thought of an individual, the identity and thought of the nation shines in it. Mythology, which is a major part of this literature, embodies human meaning and worldview in the way of narrative for different areas; The art and aesthetics of narrative in myth are parallel to thought, events and the struggle of forces. The map and chain of narrative in mythology is based on a series of events and conflicts of different forces, with different heroes representing these different forces, views and desires, but despite these differences, the common structure of the stories is unified.

Grimas is one of the founders of French narratology, influenced by the formalists and constructivists. Grimas emphasizes that there are three actors in every narrative. In this article, we will work on six Kurdish stories, one of which is the helper and the opponent. In the stories about the bald boy, we want to identify the helpers and obstacles and see what and who are the forces and views that prevent the actor from achieving his subject and desire. The agent's desire for the subject drives the narrative, and the sender and receiver of the subject help direct the agent and the world of the narrative. Helpers and obstacles, which can be things or thoughts, beliefs, cultures or heroes, play the role of conflict and remove or bring the agent closer to the subject.

**Keywords**: *narrative, grimace, hindrance, assistant, bald boy.*